بارزانی و شا عەبدولڵا دەخی ناوچەکە تاوتوێی دەکەن

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شا عەبدولڵا شای ئوردن، تاوتوێی دەخی ناوچەکە و پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا کردووە.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە ،لە عەممان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شا عەبدوڵڵای دووەم کوڕی حسێن، شای شانشینی ئوردنیی هاشمی، کۆبوونەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا، پێوەکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی شانشینی ئوردنی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و فراوانکردنی هاوکاری لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و ئەمنیدا، تاوتوێ کران، هەروەها دەربارەی دوایین پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی جێی بایەخی هەردوولا بیروڕایان گۆڕیەوە.

نێچیرڤان بارزانی پێزانینی قووڵی خۆی بۆ هەڵوێستەکانی شانشینی ئوردنیی هاشمی لەسەر پشتگیری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها پەیوەندییە مێژووییەکان و دۆستایەتیی نێوان هەردوولای بەرز نرخاند.

لای خۆیەوە شا عەبدوڵڵای دووەم، خواستی وڵاتەکەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاوکاریی

هاوبەش لەگەڵ عێراق و هێرشی کوردستاندا دووپات کردەوە، هەروەها داکۆکیی لە پابەندیی ئوردن بۆ پشتگیریی هەر هەنگاوێک کرد کە ئاسایش و سەقامگیری و پێشکەوتن بۆ گەلانی ناوچەکە بهێز بکات. لەو تەوەرەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگیی هاوبەش بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا کردەوە و باسیان لە چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، کرد.